# دووچمکەی یادی خوا و باسی پێغەمبەران(د.خ) لەقورئاندا

**بەشی یەکەم:**

**بەرایی:**

ئەوەندەی من لەقورئان تێدەگەم، دەبینم بایەخێکی زۆر دەدات بە یادی خوا و یاد خستنەوە و باسکردن لەسەربوردە و چیرۆك و داستانی پێغەمبەران(د.خ).کە هەر بەتەنیا باسی وەبیرهێنانەوە و یادی خوا، زیاترلەدووسەد و حەفتا و حەوت جار بەسیغەی جیاواز لەقورئاندا هاتووە و رووبە پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت:(شتیان بەبیر بێنەوە، چونکە وەبیر هێنانەوە، سوودبەخشە بۆ بڕواداران)(1)وەك چۆن ئەویاد خستنەوەش لەهەندێك شوێندا پەیوەست دەکات بەوەوە، کە ئەگەر سوودی هەبوو، ئەنجامی بدات و دەفەرموێت: (شتیان بەبیر بێنەوە ئەگەر زانیت ئەو وەبیر هێنانەوەیە سوودی هەیە)(2) بەشێك لەوەبیرهێنانەوەکان خۆی لەخۆیدا، بەشی دووەمی ئەم نووسینەیە، کە لێدوانە لەپێغەمبەران(د.خ)ئەڵبەتە هەرخودی یادی خوا(زیکر) کردنیش، دابەش دەبێت بۆچەند جۆرێك، کە بەدڵ و بەزمان ئەنجام دەدرێن و لێرەوە دەچمەنێو درێژەی بابەتەکەم:

### یادی خوا بەدڵ

بەپێی تێگەیشتنی من یادکردنەوەی خوا بەدڵ، ئەوەیە کە لەناخدا ئاگات لەوەهەبێت کە پەروەردگارێکی باڵادەست هەیە و لەبنەڕەتدا چمکی شتەکان و ژیان هەرهەمووی بەدەست ئەوە، بێجگە لەزاتی ئەو، هەمووی هەر رۆڵی هۆکارییەت دەبینن، کە بڕوادار بەهۆی ئەم یادەوە ئاسوودەیی دەست دەکەوێ و ژیانی دوور دەبێت لەدڵە راوکێ و خەمۆکی وخورپە، قورئان دەفەرموێت: (ئاگاداربن کە بەهۆی یادی خواوە دڵەکان ئارام دەبن)(3) لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت: (ئەی پێغەمبەرەکەی ئێمە، لەبەیانیان و ئێوارانــدا لەنێو دڵ ودەروون و ناخی خۆتدا بەترس و بیمەوە یادی خوا بکە و پێویست بەدەنگ بڵند کردنەوە و هاوار ناکات، هیچ کات لەوانە نەبیت کە بێئاگان)(4)، گومان لەوەدانییە کە ئەم خیتابە چەند بۆ پێغەمبەرە(د.خ)سەد بار بۆئێمەی موسڵمانە.

### چۆن یادی اوا بکەین؟

دەبێ لەشێوازی یادی خواکردندا ئاگامان لەو ئادابە جوانانەبێت، کە زانایان لەژێر رۆشنایی ئەم ئایەتەو چەندین دەقی دیکەدا وەریان گرتووە و باسیان لێدەکەن، کە منیش لەروانگە و لەژێر سێبەری ئەم ئایەتە پیرۆزەوە و وەك شوێن پێ هەڵگرتنی زانایان، داوا لەخوشك وبرا بڕوادارەکانم دەکەم، لەم مانگە پیرۆزەدا لەگەڵ وابەستەبوونیان بەیادی خواوە، ئاگایان لەوئادابانەش بێت کە شەرع

دایناوه بۆ شێوازی یادی خوا کردن، لەماڵەکانیان دەنگی تەلەفزیۆن و رادیۆکانیان بەرزنەکەنەوە زیاد لەوەی خۆیان پێویستییانە، هاوکات زیاد لەپێویست دەنگی بڵەند گۆی مزگەوتەکانیش بەرز نەکەنەوە و لەکاتی ویردەکاندا هیچ پێویست ناکات بدرێن بە دەنگی دەرەوە و ببنە هۆی ناڕەحەت کردنی خەڵکی و سەرباری بوونی خەڵکانێکی نەخۆش، تاك و تەرا هیوامان هەن کە بەو دەنگ بەرز کردنەوە قارس دەبن، ئەوکات تووشی هەڵەدێن و دوورنییە بێ ئەدەبی بکەن بەرامبەر بەئایین، هەرکەسیش سەبەب کاریان بێت بەشێك لەگوناهی پێ دەبڕێت، کە لێرەدا داواکارم لەهەردوو لایەنەی یەکێتی زانایانی ئیسلامی و وەزارەتی ئەوقافی بەڕێز لەکوردستان، کە وەك دوو سەرچاوە و دوودەزگای راستەوخۆی بەرپرسیار لەمزگەوتەکان و لەمامۆستایان سنوورێك بۆ ئەوکارانە دابنێن، چونکە ئەوان باش دەزانن کە وەك چۆن پێغەمبەر(د.خ) لەزۆرشوێندا دەفەرموێت: (ئەوەی رێنموویی خەڵك بکات بۆچاکە ئەویش خێری دەگاتێ) بەهەمان شێوە دە فەرموێت: (ئەوەی ببێتە هۆکاری تاوان ئەویش گوناهی دەگاتێ)، کە لێرەدا رەحمەتیی جەنابی مامۆستا و قازی، شێخ (موحەممەد ئەمینی خاڵ)م دێتەوە یاد، کە کەسایەتییەکی زۆر شارەزا و هەڵکەوتووی شاری سلێمانی بوو، رەحمەتی خوای لێبێت، تاکۆچی دواییشی کرد، لەمزگەوتەکەی خۆیدا رێگەی بەوە نەدەدا، کە بڵەند گۆکەی زیاد لەپێویست بەکار بێت و درۆم نەکردبێ وابزانم هەر نەیشی دەهێشت بڵەند گۆی تیاهەبێت. لەلایەکی دیکەوە، وەك چۆن ئەمە داوی منە لەبڕواداران و لێیان دەخوازم ئادابی شەرعیی بپارێزن، هاوکات داوای هاووڵاتییانەم لەوکەسانەهەیە، کە کەمتەرخەمن لەرۆژووگرتن، وەبیر خۆیانی بێننەوە کە دیموکراتی و ئازادی مەبدەئێکی رەها و بێ سنوور نییە، لەژوور هەموانیشەوە داوامە لەوەلی ئەمر، کە سنوورێك بۆ ئەو کەس و شوێنانە دابنێن کە بەنیشاندانی دیمەنی نابەجێ، یان ناڕەحەتکردنی خەڵکانی رۆژووان، هەستی بڕواداران بریندار دەکەن، چونکە ئەوانەی زیادەڕەوی دەکەن لە دەرهەق نەفسی خۆیان و بەرۆژوونابن، نابێ هەستی زۆرینەی خەڵك بڕوشێنن، کە هەموولایەکمان ئەوەدەزانین هەردوو لایەنەی هەڵچوون و بەناخابردن دووکاری خراپن و پێشینانمان دەفەرموون: (نەشیش بسووتێ و نەکەباب)، ئەوانەش کە وادەزانن لەسەرپێچی کردنی خوادا، کارێکی زۆر گرنگ ئەنجام دەدەن، بائاوڕ لەوەندە بدەنەوە کە خوای گەورە ئەگەر سرووشتی لێ تووڕەکردین هیچ تەکنۆلۆژیا و شارستانییەتێك پێڕاناگات، سۆنامی کۆن نەبووە، کە ئێستا گەردەلوول و لافا وو زریان لە ئەمریکا دەبینرێت.

## یادی خوا بەزمان

ئەوکاتەی کە مرۆڤ لەناخدا هەست بەبوون وگەورەیی خوادەکات و بەدڵ پابەنددەبێت بەو بڕوایەی و بەزمان هەندێك لەو متمانەیەی هەیەتی دەری دەبڕێت، ئەوەخۆی لەخۆیدا، جۆرێکە لەجۆرەکانی یادیخوا، بەڵام ئەم جۆرەش کاتێك زۆر بەهەند وەردەگیرێت، کە بڕوادار تیایاندا بە پلەی یەکەم

وابەستەدەبێت بەو زیکرانەوە کە لەقورئانـدا هـاتوون پاشـان ئەوانـەی کـە لەفـەرمووده وەرگـیراون، بـۆ وێنە ئایەتی: (ئـەی پـەروەردگار لـەم دنیـادا چاکەمان لەگـەڵ بکـە و لـەرۆژی دواییـشدا هـەر چاکەمان لەگەڵ بکە، لەسزای دۆزەخیش بمان پـارێزە)(5) یـان ئایـەتی (ئـەی پـەروەردگاری ئێمـە هەڵـەو لـەبیر چوونەکانمان لـێ نـەگریت، بەهەڵـەی خـەڵکانی دیکـە بارمـان گـران نەکـەیت، وەك نەتـەوەکانی پـێش خۆمان رەفتارمان لەگەڵ نەکەیت، ئەی پەروەردگارمان داوای ئیشگەلێکمان لێ نەکەیت کە لەتواناماندا نـەبێت جێبـەجێیان بکـەین، لێمـان خـۆش ببـە و بـەزەییت پێمانـدا بێتـەوە و میهرەبـان بەلەگـەڵمان، چـــونکە هـــەرتۆ گـــەورەی ئێمـــەیت)(6)....هتـــد. یـــاخود ئـــەو زیکرانـــەی کـــە لەســـەر زاری پێغەمبەر(د.خ)هاتوون بەڵام ئەمانەش دووجۆرن یاخود کاتیان بۆنییە وەك وتنی (لااله الا الله) کـە زۆر جار فەرموویەتی باهەمیشە زمانتان بەوتنی ئەو وشەیە تـەر بـێ و لەسـەر زارتـان بێـت، یـاخود کـات و ئەندازەیان بۆ دیاری کراوە ، کە ئەمانـەش وەك راشێتەدەرمانی پزیـشك دەبـێ سـەیریان بکرێـت و ئـەو کات و ئەندازانەی کە پێغەمبـەر (د.خ)دیـاری کـردووە بەهەنـد وەربگیرێـت، بەتایبـەتی ئـەو زیکرانـەی لەبـەیانیان و ئێـوارن و دوای نوێـژەکان دەگـوترێن ، ەمـن ئامۆژگـاریم وەهایەهـەر برِوادارێـك کتـێبی (حصن المسلم)کە کراوە بەکوردیش تەماشا بکات و پەیرِەوی بکات زۆر سوود بەخشە.

لەکۆتاییدا وەك بـیر هێنانەوەیـەك دەڵـێم: پێغەمبـەری خـۆ شەویـستمان(د.خ)دەفـەرموێت: (دوو وشـە هەن زۆرئاسانن لەسەر زمان و زۆر قورسو گران بەهان لەنێو ترازووی کرداری چاکەی موسڵماندا و زۆر خۆشەویـستن بـەلای پـەروەردگارەوە، ئـەو دووشـەیەیش وتنـی (سـبحان الله وبحمـده، سـبحان الله العظیم)ـە دەی سابا زمامانمان هەردەم بەویردی خوا تەرِوو پاراو بکـەین و تـابتوانین گوفتـاری بـاش و کرداری باش ئەنجامبدەین .

پەراوێزەکان:

(1) بەشێك لەمانای ئایەتی 55سورەتی ذاریات.

(2) بەشێك لەمانای ئایەتی 9سورەتی ئەلئەعلا.

(3) بەشێك لەمانای ئایەتی 28سورەتی ئەلرەعد.

(4) بەشێك لەمانای ئایەتی 205ی سورەتی ئەلئەعراف.

(5) ) بەشێك لەمانای ئایەتی 201ی سورەتی ئەلبەقەرە.

خەباتی ژمارە(1940)لاپەرِە چوار 2005/10/8 پێنجی رەمەزانی 1426کۆچی.